# «یەکەم مرۆڤ»

و: مەجید عەبدولڕەحمان/شەقلاوە

لە شاری(فەییومی) میسری. خوارووی قاهیرە، یەکەم مرۆڤ دۆزراوەتەوە کە سی ملیۆن ساڵ پێش ئێستا ژیاوە- پاشان مرۆڤایەتی بەچەند هەنگاوو زنجیرەیەک گۆڕانکاریی تێپەڕیوە - پێش چوار ملیۆن ساڵ مرۆڤ لەسەر پێیەکانی ڕۆیشتووە... پێش دوو ملیۆن و نیو ساڵ مرۆژ دەستی بەخواردنی دارودرەخت و گژوگیاو گۆشت کردووە، بیری کردۆتەوەو قسەی دەربڕیوە... پێش دووسەد هەزار ساڵ ژمارەی دانیشتوانی جیهان لە(٢٠٠) هەزار کەس تێنەپەڕیووە، ئەو ڕووداوە سەرسوڕهێنەرانەو زۆر لایەنی شاراوەی دیکە لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ پرۆفیسۆر(ئیف کۆبنز) لە کۆنگرەی زانستی نیودەوڵەتیی لە پاریس ئاشکرای کرد. ئەم کۆنگرە زانستییە بۆ(لێکۆڵینەوەو تێگەیشتنێکی نوێ لەسەر هەڵدان و بەرەوپێش چوونی جۆری مرۆڤایەتی) گیرا... ئەم پرۆفیسۆرە لەم کۆنگرە جیهانییە گەورەیە کە لە پاریس گرێدراو زۆر زانای فیزیایی و سروشتی و مرۆڤایەتی دانسقەی تێدا بەشدار بوو...

هەروەها زۆر زانای بایۆلۆژیی و سایکۆلۆژیی و سۆسیۆلۆژیی و ئەنترۆبۆلۆژی تێدا بەشداربوون لە زۆربەی وڵاتانی جیهان- کۆنگرەکە نزیکەی(٥٠) ڕۆژی خایاند لە کۆتایی کۆنگرەکە بڕیاردرا بەدروستکردنی چەند لیژنەیەکی تایبەت بۆ داڕشتن و لێکۆڵینەوەو داڕشتنی چەند

بیردۆزێک کە لە کۆنگرەکە تاووتوێ کرابوو، لەبەرگێکی گەورە کۆیان کردەوە وا چاوەڕوان دەکرێ لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ یەکەم چاپی لێ دەربچێ.

پرۆفیسۆر(ئیف کۆبنز) وەکو قسەکەری فەرمی کۆنگرە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی سەرجەم ئەو بابەتانەی تێدا راڤەکرد کە زاناکانی سەدەی بیستەم وەدەستیان هێنابوو(دەربارەی گەشەکردنی یەکەم مرۆڤ). (کۆبنز) لە لایەک بەرێوەبەری گشتی بوو لە مۆزەخانەی مێژوویی بەناوبانگی فەرەنسی، لە لایەکی دیکە کۆنترین و تەواوترین ئێسکی مرۆڤی لە جیهان دۆزیبیەوە کە تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ چوار ملیۆن ساڵ...

**لانەی یەکەمی مرۆڤایەتیی:**

مرۆڤی نوێ ئەو مرۆڤەی کە خاک و ئاو و بۆشایی ئاسمانی تەنی، سەیرنییە، کە دەستەوەستان بوەستێ لەسەر دروست بوون و گەشەکردنی زۆر لایەنی شاراوەی دیکە لەو ژیانە...

**ئایا کۆنگرە لەو بوارە گەیشتەچی؟**

بەپشتبەستن بەو تاقیکردنەوەو لێتۆژینەوانە لەسەر پاشماوەی پەیکەری ئێسقانی مرۆڤ کە زانا شوێنەوارناسەکان پێی گەیشتوون. وا دەردەکەوێ کە رێرەوی گەشەکردنی جۆری مرۆڤایەتی بەچوار هەنگاودا تێپەڕیوە، هەر هەنگاوێک بەجۆرێک لە گیانلەبەرێکی دیاریکراو بەستراوەتەوە:

**هەنگاوی یەکەم:**

نزیکەی پێش(٣٠) ملیۆن ساڵ پەیدابوونی چەند جۆرێک لە مەمکدارە مەیموونی و مرۆییەکان دەستپێدەکات، کە درێژی باڵایان لە نیومەتر زیاد ناکات، لەناو دەمیدا تەنها نیو شەویلاک هەبووە. لەو جۆرە گیانلەبەرە کە پەیکەرە ئێسقانەکەی لەناوچەی(فەییومی) میسری لە خوارووی قاهیرە دۆزراوەتەوە. ئەوەش وادەگەیەنێ کە خاکی میسری کۆنە، دەبێ یەکەم لانەی مرۆڤایەتی بێت کە بە(برۆبلیۆ بۆتاک) ناسراوە.

**هەنگاوی دووەم:**

ئەم هەنگاوە دەگەڕێتەوە بۆ(١٥) ملیۆن ساڵ. ئەوەش ناوچەکانی ئەفریقیاو ئاسیاو ئەورووپا دەگرێتەوە... ئەو جۆرە بە(راما باتاک) ناسراوە ئەویش جومجومەی سەری گەورەترە لە قەبارەی جومجومەی جۆری یەکەم، بەڵام رووبەری دەموچاوی تەسکترەو ژمارەی ددانەکانی کەمترە...

ئەم جۆرە بەگشتی لە دارستانەکان ژیاون، لە خواردنی پشتی بەگژوگیاو داروبار بەستووە بەشێوەیەکی سەرەتایی وادەردەکەوێ کە بەردی بەکارهێنابێ بۆ شکاندنی ئێسکی گیانلەبەرانی تر.

**هەنگاوی سێیەم:**

مرۆڤ بەپێیەکانی دەڕوات:- لەم هەنگاوە مرۆڤ بەجۆری(ئوستورالی) ناسراوە ئەویش لە ئەفریقیا نزیکەی(٦) ملیۆن ساڵ پێش ئێستا بەدەرکەوت.

ئەو جۆرە بەسولالەی(پێش مرۆڤ) ناسراوە، ئەوەش گشت ئەندامی (راماباتاکی) هەبووە جگە لە بەرزی قەبارەی جومجومەی کە(٢٠٠) سم٣ بووە لەجیاتی(٤٠)سم٣ دەموچاویشی وەک جۆری تر تەسک بوو، وادەردەکەوێ کە جۆری ئوستورالی گەشەسەندنێکی ترسناکی

وەدەستهێناوە لەبواری رێڕەوی مرۆڤایەتی ئەویش بەرۆیشتن و وەستان لەسەر قاچەکانی، چونکە دووجۆری یەکەم و دووەم هەرچوارپەلەکانی بۆ جولان بەکاردەهێنا. بەڵگەی زیندووشمان ئەوەبوو کە زانای بەریتانی بەناوبانگ(ماری لۆکای) پێی گەیشت ئەویش لە ساڵی ١٩٥٩ لەناوچەی(ولدفای) لە تەنزانیا جۆرە پەیکەرێکی ئێسکی دۆزییەوە لەو جۆرە مرۆڤە هەر لەو شوێنەش شوێنەواری پێی ئەو جۆرە مرۆڤەی لەناو لم دۆزییەوە کە تەنها بە دوو رۆیشتبوو کە مێژووەکەی بۆ(٤) ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە. لەوەش بۆمان دەردەکەوێ کە بەکارهێنانی تەنها قاچەکان بۆ رۆیشتن دەستەکان سەربەست دەمێنێتەوە بۆ بەکارهێنانی گرتن و هەڵگرتن، هەروەها زانایانی ئەمریکی گەیشتنە ئەو راستییەی کە(تیشکی ئاگریان) پێش(٣) ملیۆن ساڵ لە بەکارهێنانی بەردی(کوارتز) وەدەستهێناوە...

زانایان هەنگاوی ئوستورالییان بەهەنگاوی(پێش مێژوو) ناوزەد کردووە، بە(بەیانی مێژووش) ناوی هاتووە.

**هەنگاوی چوارەم:**

ئەم هەنگاوە کۆتاییە لە هاتن و پەیدابوون و گەشەسەندنی سولالەی مرۆڤی بەناوی(هۆمۆها بیلۆس) ئەویش پێش(٢,٥) ملیۆن ساڵ پەیدابووە، هەمان شێوەی ئوستوراڵی هەیە، بەڵام پێشکەوتووترە، بەژنوباڵای درێژترە، قەبارەی مێشکی گەورەترە دەگاتە(٨٠٠)سم٣، بەژنوباڵای راستترە لە ئوستوراڵی کە چەماوەبووە ئەو جۆرە مرۆڤە توانای داپاچینی هەموو شتێکی هەیە کە بێتەپێشی، گۆشتی بێت یا درەخت، چونکە ددانەکانی زۆرترو بەهێزتربوون.. ئەو جۆرە مرۆڤە تامی گۆشتی گیانلەبەرانی دیکەی کرد بۆیە ناچاربوو بەدوای نێچیر بگەڕێ نێچیرەکانی بەزۆری فیلو مشک بوون، ئەو جۆرە مرۆڤە دەستیکرد بەدروستکردنی ئامێرو پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەی خۆی وەک: چەکی راوکردن ئامێری ئاگر بەکارهێنان. گرنگترین کاری ئەوەبوو ژیانی رۆژانەی خۆی دابەشکرد دەستی کرد بەدروستکردنی(کوخ) بۆخۆی کە هەر کوخەی نزیکەی ٤ تا ٥ مەتر دەبوو، ئەو مرۆڤە کۆمەڵگای خێزانی دروستکرد، ئەویش ئەوەبوو نزیکەی(٢٠) کەس لە کوخێک دەژیان واتە چڕی دانیشتوان (٠,٣ هەتا ٠,٤) کەس دەبوو لە یەک کم,٤ ئەوەش مانای وایە کە ژمارەی دانیشتوان(٢٠٠) هەزار کەس دەبوو بێگومان ژمارەی دانیشتوان لە بەرزبوونەوەدابوو بەتایبەتی پاش کۆچکردن لە چەرخی بەردییەوە بۆ چەرخی شارستانییەتی کشتوکاڵی...

ئەو جۆرە مرۆڤە دوا هەنگاو و گرنگترین هەنگاو بوو لە گەشەکردنی سولالاتی مرۆیی کە مرۆڤی(هۆمۆ ئەریکیۆسی) لێ کەوتەوە کە لە ئەفریقیا هەڵساو لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانی بڵاوبووەوە بەتایبەتی لە چین و فەلەستینی کۆن پێش(٢,٥) ملیۆن ساڵ.. ئەوجۆرە مرۆڤە توانی ئاگر لە زۆربەی کارەکانی بەکاربهێنێ.. پاشان مرۆڤی(ئەلهۆمۆسابینس) پەیدابوو کە باپیرەگەورەی راستەقینەو نزیکی(مرۆڤی نوێیە) ئەوەش پێش(٢٠٠) هەزار ساڵ...

مرۆڤی(سابینس بەژنوباڵایەکی درێژو جومجومەیەکی گەورەی هەبوو هەروەها دەموچاوی گەورەو پانوبەرین بوو... لێرەدا

پرسیارێک دێتە پێشمان.

ئایا باوکی راستەقینەی مرۆڤ کێیە؟:

ئەو پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی مرۆڤ کە دەڵێین ئەو شتەیە لەسەر پێیەکانی دەڕوات، دەتوانێ دەستەکانی و ددانەکانی بۆ درەخت و گۆشت بەکاربهێنێ، ئێسکەسەری مێشکی تێدایە کە بیردەکاتەوەو شت دەردەبڕێ. لەو بۆچوونە دەتوانین(هۆمۆهابیلۆس) بەباوکی راستەقینە دابنێین بۆ مرۆڤی ئێستا، ئەوەش مانای ئەوەیە کە تەمەنی مرۆڤی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ(٢,٥) ساڵ ئەو بۆچوونەش کۆکە لەگەڵ تەمەنی مرۆڤی شارستانییە مرۆییەکانی ناسراو لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان بۆ نموونە:-

لە چین تەمەنی یەکەم مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ(٢)ملیۆن ساڵ.

لە ئەندەنووسیا بۆ ١,٩٠٠ هەزار ساڵ.

لە فەرەنسا بۆ ١,٨٠٠ هەزار ساڵ.

لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ ١,٨٠٠ هەزار ساڵ.

**«مرۆڤی لوسی»**

پرۆفیسۆر(ئیف کۆبنز) ناوبانگی بەدۆزینەوەی ئێسکە پەیکەری ئەو ئافرەتە پەیداکرد... ئایا چی دەربارەی ئەو ئافرەتە دەزانین؟

مەسەلەی(لوسی) جەختێکی تەواو لەسەر چەندایەتی ئەو پێشکەوتنەی کە زانستی سولالەی مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە.. پاشماوەی ئێسکی ئەو ئافرەتە لەناوچەی(ئاڤار) لە ئەسیوپیا ساڵی(١٩٧٤) دۆزراوەتەوە بۆیە ناوی نرالوسی) لەبەرئەو گۆرانییە بەناوبانگەی(بیتلز)ی بەناوبانگ(لوسی لە ئاسمانەو شەیتانەکان دەورەیان داوە)- گرنگی ئەو لوسیەش لەوەدایە کە تەمەنی(٤) ملیۆن ساڵە. ئەو بەشەی لە ئێسکە پەیکەرەکەی دۆزراوەتەوە ٤٠٪ی پەیکەری سەرەکییە ئەوەش گەورەترین رێژەیە لە جیهان هەتا ئێستا لەبواری دۆزینەوە شوێنەوارییەکان...

ئەو(لوسیە) لە سولالەی ئوستورالیە... درێژی بالاکەی لە مەترێک هەتا مەترێک دە سانتیمەتر دەبێت، کێشی نزیکەی(٣٠) کیلوگرامە، دەستەکانی درێژە لەسەر چوارپەلی دەڕوات. لە سەردەمی(سەرکەوتن بەسەر دارودرەخت) ژیاوە وا دەردەکەوێ کە خواردنی تەنها لەسەر دارودرەخت بووە.

توانراوە تەمەنی(لوسی) دیار بکرێت کاتی مردنی تەمەنی(٢٠) ساڵ بووە. هەروەها وادەرکەوتووە کە پەیکەری ئێسکی(لوسی) (٢٠) پەیکەری دیکەی لەپاڵ بووە لەسەر شێوازی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە سولالەکانی مرۆیی لە سەردەمی ئەو مرۆڤە تێیدا ژیاوە.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (العربی) ژمارە(٣١)

تشرینی یەکەمی ١٩٨٤